# پرۆژەکەی بەڕێز تەها هەڵەدەنی بۆ دایەلۆك و چەند تێبینییەك

مەحموود محەمەد عوسمان
هۆلەندا
2005 –10– 29
m_o_osman@hotmail.com

ڕۆژی 17مانگی مەی بەڕێز تەها هەڵەدەنی بابەتێکی نووسیبوو لەسەر پرۆژەیەک بۆ دایەلۆک ، لە لاپەڕەی ئەلکترۆنی دەنگەکان بلاو بووەوە . منیش ئەلێرە چەند تێبینییەک ئەنووسم بەهیوای دەولەمەندکردنی بابەتەکە و بەشداریکردنێ بێت لەو پرۆژە ، بە باشی ئەزانم لە هەموو ڕوویەکەوە قسە لەسەر شارستانییەت وئاین بکرێ و بەتایبەتی ئاینی ئیسلامی . نەک هەر باسکردنی ڕووداوەکان یان شیکردنەوەی دەقەکان یان باسکردنی سەرهەلدانی قوتابخانە جۆرا و جۆرەکانی ئاین یان مێژووی شارستانییەت و پێکهاتەکانی ، بگرە پەیوەست کردنی هەموو ئەم بیرۆکانە بەیەکەوە و دەست نیشانکردنی هۆی سەرهەلدانی و گەران بەدوای هۆی ئابووری و بار دۆخی ئەو کۆمەڵگەیە و لە چی قۆناغێک ئەژین و هۆی بەردەوام بوونی گەلانێک لە مامەلەکردن لەگەل بیرۆکەکاندا و گەشەسەندنیان بە هۆی بەکارهێنانی ئەو ئاینە یان بیرۆکە، و نەمانی رۆلی گەلانی تر ، بەهێز بوونی کۆمەلێک لە زەمەنێکی دیاریکراودا و لاوازبوونی کۆمەلێکی تر . . و هەروەها جێی خۆیەتی کە گفتوگۆ بکەین و بنووسین لەسەر شارستانییە کۆنەکان و بەراوردکردنیان لەگەڵ ئایندا و رۆڵی شارستانییەتەکان لە کارکردنی لەسەر ئاین و زانینی ئاستی ئەو کۆمەڵگەیانە کە لە زەمەنێکدا ئاینیان بەکار هێناوە بۆ چەسپاندنی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگە کە ڕەنگدانەوەی باری ئابووری و کۆمەلایەتییە . یان کارتێکردنی ئاین لەسەر دەسەلات . و باس کردنی چیرۆک و داستانەکانی شارستانییە کۆنەکان ڕێگەمان بۆ خۆش ئەکات کە ئاین هەر بەرداوم بوونی ئەو داستانە و تێروانینانەیە بە شێوەیەکی تر لەگەڵ تێکەڵ بوونی تایبەتمەندی ئەو قۆناغانە .

خوێندنەوەی مێژوو بەتایبەتی بۆ بیر و باوەڕەکان و ئاینەکان و باس لەسەر شارستانییەت یان شێوەی ژیانی گەلانێک یان کۆمەڵگەیەک ئاسانە ئەگەر تەنها وەک ڕووداوێک بیانگێرینەوە یان وەک لە دەقەکاندا هاتووە ،یان باسکردنی ئەو ئامرازانەی کە بەکار هێنراوە بۆ مامەلەکردن لەگەل پێویستییەکاندا . بەلام ئەگەر هۆکانی پەیدابوونی و پەیوەستبوونی بە بەشەکانی ترەوە باس بکەین و بیگەڕێنینەوە بۆ ناو کۆمەلگە و لە کێشمەکێشی کۆمەلگەوە باس لە سەرهەلدانی بکەین و هەموو هۆ مادی و مەعنەوییەکان

باسبکەین . ئەوا گران ئەبێ و پێویستی بە ماندوو بوونە ، بەلام تێگەیشتنێکی رۆشنمان ئەدا بەدەستەوە .

شارستانییەت وەک شوێن و کات ( المكان و الزمان ) ، لە هەندێ جار رەگەزی شوێن رۆڵی بەرچاوی ئەبێ و شارستانیەتەکە پەیوەستە بە پێشرەفتی لە خانووسازیدا ( معمار )و سود وەرگرتن لە ئاسانکردنی باری ژیان یان بوونی هۆکانی گەشەکردن و فراوانی کە بووتە هۆی پەیوەندی ئەمانە و کارتێکردنی باشی کرد لەسەر شارستانییەت و تەنانەت ئاینیش . بڕوانە شوێنی مسر لە تەنیشت رووبارێکی فراوان و خاکێکی فراوان ئەوەندە رەگەزی شوێن رۆڵی بینیوە لە شارستانییەتی مسردا ، رەنگە لە شوێنانی تر رۆلی نەبینییوە . بەشەکانی تری پەیوەندییە بەرهەمهێنانەکان و کۆمەڵایەتییەکان کە کاری بەرچاوی هەیە لە پێشرەفتی کۆمەڵگە یان دارمانی کۆمەڵگە بە هۆی دەسەڵاتەوە قسەی زۆر هەڵئەگرێ . لە زمانی ئەنجلسەوە ئەڵێم ( هەموو پەرەسەندنێکی سیاسی، یاسای ،فەلسەفی ، ئاینی ، ئەدەبی ، هونەری ، هەتا دوای .... لەسەر پەرەسەندنی ئابووری ئەوەستێ و هەموو ئەمانە کار ئەکەنە سەر یەکتری و پێکەویش کار ئەکەنە سەر ژێرخانە ئابووریەکە -1)، هەندێ جار بەشێک لەم بەشانە دەرئەکەوێ و رۆلی بەرچاوی زیاتر ئەبێ لەوەکانی تر ، هەندێ چار لە زەمەنێکی دیاریکراودا رەنگە بەشێکی تر رۆلی گۆران یان کارتێکردن ببینێ ، بە هۆی کۆمەڵی فاکتەر . بۆ نموونە رەنگە هونەر بێ و هەندێ چار ئاین یان دەسەلات ، بەلام زۆرتر ئاین وە قسەکەیشمان لەسەر هەندێ لایەنی شارستانییەتی ناوچەیەکە و تارادەیەکیش نزیکە لە ئاینەوە و بەتایبەتی ئاینی ئیسلامی ، ئاین وەکە ئامرازێک کە دەسەلات بەکاری ئەهێنێ بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆی ، چونکە باسی شارستانییەتی ئەرەب بکرێ ئەبێ قسە لەسەر ئاین بکرێ .

مێژووی هەر گەلێک یان ئاینێک یان مێژووی شارستانییەتی هەر ناوچەیەک بەدەر نییە لە بارە ئابووری و کۆمەلایەتییەکان و بەدەر نییە لە توانا و بەشداریکردنی هەموو گەلانی تر ، ئیتر ئەم بەشداریبوونە تا چەندێ بەدی ئەکرێ یان تەواوەتەوە لەناو کۆمەلێکا و دواتر کۆمەلی تر بووە بە خاوەنی ، و شارستانییەتیش هەر تێکلاوبوون و کارتێکردنی توانای مرۆڤەکانە بۆ دۆزینەوەی هۆی مانەوەیان و بەردەوامبوونیان و چی ئامرازێکی گونجاو بەکاربهێنن بۆ زۆرتر لە بەردەوام بوون و سوود وەرگرتن لە سرووشت و پێکهاتەکانی سرووشت وە یاخود گونجاندنی ئەو دەستکەوتانەی کە سرووشت پێانیبەخشیوە لەم شوێن و ئەو شوێن . و هیج شارستانییەتێک زادەی یەک نەتەوە نەبووە . بەلام ماوە لەسەر ئەوەی چەندێ هۆ دەرەکییەکان کاری تێکردووە . بەو مانایە شارستانییەتێکی تەواو و پاک نییە کە سوودی نەبینیبێ لە دۆزینەروەکانی گەلانی تر ، ئیتر لەهەر بوارێکدا بێت و بەهەرشێوەیەک بێت . زادەی شارستانیەکان و زۆربەی بیرۆکەکان و ئاینەکان بەتایبەتی و ئاینی ئیسلامیش

، ئەوەیە کە وەرگێران ، یاخود سوود وەرگرتن لەتوانای گەلانی تر ئەوانی تر ، وەرگێران و گێرانەوە یان زانینی توانەکانی تر . پاشان تێکلاوبوونی ئەم بیرۆکە یان دەستکەوتە دەرەکییانە یان بەرهەمانە کە دەستیان پێگەیشتووە بە توانای خۆیان و کار تێکردنی و تەفاعل و پاشان ئەگەر توانییان کار لەسەر ئەم هاوکێشەیە بکەن ئەوا داهێنانێک بە ئەنجام ئەگەیەنن ، کە مۆرکی ئەو ناوچەیە یان کۆمەلە هەلگرێ ، بەم شێوەیە زۆربەی بیرۆکەکان وشارستانییەت و ئاینەکانە سەرهەلئەدەن ، لە سەردەمێکا رەنگە ئەم بەرهەمە دووبارە بنێرێتە ئەو شوێنەی کە لەسەرەتاوە سوودیان لێبینی لەگەل مۆرکی ئەو ناوچەیە .

لەبەر ئەوەی بەرێز تەها هەلەدەنی هەندێک باسی لە شارستانییەت کردووە و باسی ئاستی گەلانی کردووە وبەتایبەتی دورگەی ئەرەب و چۆنییەتی باری ژیانیان ، بۆیە ئەلێم . ئەگەر شارستانییەت وەیاخود ئەو پێشرەفتەی کە لەسەردەم کۆنەکاندا بووە بەکار بهێنرێ بۆ بەرزگردنەوەی میللەتێک لە سەر میللەتێکی تر وە یاخود بۆ دژایەتی میلەتێک بە هۆی ئەوەی کە ئاستی هۆشیاری نزمە وە یاخود شێوەی ژیانی تەریب نییە لەگەل گەلانی دونیا ، ئەمە کارێکە ناگونجێ لەگەل داوەکارییەکانی خودی شارستانییەت .کە ئامانجی سەرەکی گەلان پێکەوە ژیانە و هاوکاری یەکتری کردن چۆن لە کۆنیش وابوو . .

نووسە ر ئەلێ ( عەرەبەکان نەتەوەیەکی دوا کەوتوو و لەهەژارترین شێوازی ژیاندا ئەژیان و ئەوان تەنانەت مێزی حوشتریان ئەخوارد و هەروەها مێزی حوشتر باشترین دەرمانی ئەرەبەکانە تا سەردەمێکی نزیک چونکە ئەرەب ئاشنای شارستانییەت نەبوو ) میز خواردنەوەم نەبیستووە بەو شێوەیە !

من سەرەتا بەقسەیەکی مارکس دەستی پێئەکەم

( کۆمەلگە چییە ؟، هەر شێوەیەک بێت ، بەرهەمی هاوکاری خەلکە . ئایا خەلکەکە ئازادن لە هەلبژاردنی ئەم شێوە یان ئەو شێوە لە شێوەکانی کۆمەلگە ؟ هەرگیز نا . ئاستێکی دیارکراوی لە پەرەسەندنی هێزی بەرهەمهێنەری خەلک وەرگری ، شێوەیەکی دیاریکراو بەدەست ئەهێنی لە ئالوگور و بەکارهێنان . پلەیەکی دیاریکراو لە پەرەسەندنی بەرهەم لە گۆرین و بەکارهێنان وەرگری ، سستمێکی دیاریکراوی کۆمەلایەتیت ، رێکخستنێکی دیاریکراو بۆ خێزان یان توێژ یان چین بەدەستەوە ئەدات -2 ) هەموو گەلێک بە گوێرەی پێویستییەکانی ئەو سەردەمە تێئەگا کە رۆژانە تەفاعولی لەگەل ئەکات و بەشدارە لە دروستکردنی ئەو شێوە لە گۆمەلگە ، ئەگەر نا ئەوا بەردەوامبوون ئەوەستا . ئەبێ بەراوردی ئەو سەردەمە بکەین لەگەل ئەو کۆمەڵگانەی تر لەهەمان شێوەی ژیان و هەمان هۆکانی پەرەسەندن یان خۆگونجاندن بۆ مانەوە ئەژیان ، ( پێش ئەرەب شارستانییەتی یونان و مسر و چین میزیان بەکار هێناوە بۆ چارەسەری نەخۆشی . ئەزانی شای مسر

کێلوپاترا و شاژنی یەمەن بەلقیس میزیان بەکار ئەهێنا ، و کێلۆپاترا پێش خۆکوشتنی داوای کرد میزی بۆ بێنن و خوی پێ ششت ، زانای نەرویجی تورهایدرال لە گەشتەکەی بۆ مسر، تووشی نەخۆشی هات بەهوی گەرماوە ، دکتۆرە روسیەکە ووتی بە میز چارەسەری ئەو نەخۆشیەتە ئەبێت ، 3- و4- ) نەک هەر ئەمەی کە باسی ئەکەم ، گەلانی دونیا لەسەردەمەکانی کۆندا زۆر شتیان بەکارهێناوەە بۆ زالبون چی بەسەر نەخۆش یان چی بەسەر ترسدا ، گرنگ ئەوەیە نەوەستاون بۆ پشکنینی هەموو رەگەزەکانی بوون و بۆ بەرداوامبوونیان . بەلام من ئەوە ئەڵێم ئایا ئەرەب پێش ئیسلام شارەستانیان هەبووە یان نە ؟ شارستانییەت بەو شێوەی کە لەو سەردەمە رەنگدانەوەی باری ژیانیان بووە ، وەک بەکارهێنانی ئامراز بۆ پشکنین و گەران و پەیوەستبوونی بە ئینسانەوە کە دوا ئاواتی بەردەوامبوونە لە ژیان بە شێوەیەکی گونجاو ،بەڵێ شارستانییەتیان هەبووە ، ئیتر لە چی ئاستیکدا بووە ؟ یان چەند توانای گەلانی تر کاریان تێکردووە ئەوە شتێکی ترە .

ئەرەب بە هۆی تایبەندمەندی شێوەی ژیانی لە هەندێ ناوچەی دوورگەی ئەرەب ،بەشێکیان کە بەراستی ئاستی ژیانیان و تێگەیشتنیان زۆر نزم بوو بەڵام بەشی تری دورگەی ئەرەب لە پلەیەکی تری ژیان بوونە ئەتوانم بڵێم شارستانییەتی بە خۆوە بینیوە ، ئەبێ هۆی هەردوو بارەکە بە بابەتییانە لێک بدەینەوە . لەبەر ئەوەی کۆچەری بوونە و کاری بازرگانیان کردووە ، توخمی ( عنسر ) کات زال بوو , بۆیە کۆچکردنیان و کاروانی زستان و هاوینیان کە ماوەیەکی زۆری ئەخایەن بۆ 4 مانگ یان کەمتر ، ئەمانە زمانی بە هێز ئەکرد ، گێرانەوەی چیرۆکی شێوەیەکی تر وەر ئەگرد و دەنگ و باسی شاعیران و روانبێژان و سەرهەلدانی کەسانی فریادرەس بلاو ئەبووەوە و شوێنی خۆیانی ئەگرد ، ئەگەر شیعری جاهلی(5)، ببێتە پێوەرێک بۆ ناسینی باری ژیان ئەو کۆمەڵگە ئەوا هەندێ ناوچەی تر ناگرێتە خۆ . هەتا ئێستە ئەو شیعرە بە سەرچاوەیەکی باورپێکراو دا ئەنرێ بۆ خوێندنەوەی ئەو سەردەمە و ناسینی شێوەی ژیان ، مێژوو نووسانی ئەدەبی لە 150 سال کۆنتری نازانن پێش ئیسلام ، ئەمە ئەوە ئەگەیەنێ کە شیعر وەک وێنە و هەلوێست و پەیوەندییەکان و تایبەتمەندی شتەکان و تێروانین بۆ جیهان ، تەنها ئەو سەردەمەی ژیانی ئەرەب دەستنیشان ئەکات کە دوا سەردەمی جاهلی بوو ، ئەو شوێنەوارە کە لە بەلگەکاندا هاتووە لەم شیعرانەدا رەنگی نەداوەتەوە ، تەنانەت ئەو شێوە ژیانە خێلەکییە کە لە سەدەکانی پێنج و شەشەم هاتووە رەنگە پێش ئەوە بە شێوەیەکی تر ببوبێت . من ئەلێرە بەلگەیەک ئەهێنمەوە (( بەلام پێش سەدەی پێنجەم وشەشەم ، ئەو دەستکەوتانەی کە بەدەستی لێکۆلینەوەران و شوێنەواران و مێژوونووسان کەوتە، هیچ گومان لەوە ناهێلی کە چەند بەشێکی دورگەی ئەرەب ، بەشە خوارووەکانی بەتایبەتی ئاستێکی پێشکەوتووی بینیبوو لە پێشرەفتی کشتوکال و ئاودێری درووستکراو و پێکهاتە

خانووسازەکان (معمارییەکان ) و دەزگا سیاسیەکان ( دەولـەت ) و شێوەی دابەشکردنی کار ( دابەشبوونی دانیشتوانی لە نێوان جووتیار و بەخێوکردنی ئاژەل و کاری پیشەیی ). سەدەی پێنجەم پاشماوەی ئەم دیاردانە بەدی ئەکرا لە کاتی داروخاندا ، هەلبەتە ئەنجلس هەستی بەوەکردبوو وەک دەر ئەکەوێ لەو نامەی کە بۆ مارکسی ناردووبوو لە 24 ئایار 1853 کە ئەلێ ( وادەر ئەکەوێ ئەرەب لە هەر شوێنی بوونە ، بوونێکی شارستانیەت بوونە ، لە خوارووی رۆژئاوا ، گەلێکی مەدەنی بوون تارادەیەک وەک مسریەکان و ئاشورییەکان هەتا دوای .... دامەزراوە بناسازییەکانیان (معمارییەکانیان) نیشانەی ئەوەیە (6)،

بوونی هەر سێ ئاینەکە لەو ناوچەیە و درووست بوونی و سەرهەلدانی ئەو ئاینانە لە ئەنجامی کۆمەلێ هۆی ئابووری و کۆمەلایەتی و شێوەی ژیان و دەولەمەند بوونی بە شارستانییەتە کۆنەکانەوە هاتووە . ئبراهیم لە ئوورەوە لە دەور و بەری 1850 پ ز رۆشت بۆ فەلەستین ، مووسا ئەو ماوەیە ئەبرێ لە مسرەوە هەتا ئەگاتە هەمان ناوچە . تۆ بلێ هیچ کاریان نەکردبێتە سەر ناوچەیەک کە زۆر نزیکبن لێیانەوە ؟ ئایا شوێنێ نزیک بێت لە شارستانییەتی میزۆبوتامیاوە و شارستانییەتی مسر ، چۆن بایەخی نابێ ؟ وەک پێویستی و تێکلاوبوون کاریان کردووە . ( دانیشتوانی دورگەی ئەرەب پەیوەندیان بە دونیای دەرەوە هەبوو بە ماوەیەکی زۆر پێش ئیسلام بەتایبەتی ئەرەبی خوارووی دورگە ، لەرێگەی دەریای سوور ، و عەرەبی باکووری دورگەکە لە رێگای دەریای سپی ناوەراست و دەریای رەش . بەتایبەتی ئمبراتۆرییەتی رۆمانی کە چەند بەشێکی دورگەی ئەرەبی داگیرکردبوو . بە هۆی تێکلاو بوونیان ئاینەکانی تریان ناسی و پەیوەندیان هەبوو لەگەل یەهوودیەکاندا )(7) کە نیشتەجێبوون و کاری گشت وکالیان ئەکرد . هەروەها دراو گۆرینەوە کە لە ناوچەی دورگەدا بەکار ئەهێنرا شێوەیەکی پێشرەفتە لە پەیوەندیان بە جیهانەوە و رۆلێکی بەرچاوی هەبوو , بازرکانیش رۆلی بینییوە رێگەی بازرکانی زۆر پەرەی ئەسەند بەتایبەتی ئەوەی کە ناسراوە ( بە رێگای بۆن و رێگای بخوور لەدورگەی ئەرەبی کە بازرکانی بۆن و بخوور و شتی تر لە نێوان هند و یەمەن و ولاتانی دەریای سپی ناوەراست . ئەم رێگایە ئەگەرێتەوە بۆ سەردەمی معیینیەکان و سەبەئییەکان . بەلام ئەم رێگانە گرنگی خۆیانی لە دەستدا بە لەدەست دانی سەبەئینییەکان کە دەسەلاتیان نەما بەسەر دەریا سوور و دەریاچەکانی ئەفریقیای رۆژهەلات بەهۆی گواستنەوەی بازرکانی بۆ دەستی یونانییەکان و رۆمانییەکان ) (8) هەر کەنداوی مەئرب نموونەیەکی بەرچاوە لەو کارە .و ئەتوانین لە زۆر بواردا نموونە بهێنینەوە کە ئەو ناوچەیە بە هۆی ئەو بوارانەی کە باسمکرد . ئەتوانین بلین شارستانیەتێکی ساوایان هەبوو ، بە بەراورد لەگەل گەلانی دونیا وە یاخود باشتروایە بلێن ناوچە .

بەشی دووەم ئەتوانم قسەی لەسەر بکەم زمانە . هەلبەتە رەوەتە ئیسلامییەکان پێیان باشە کە باس لە شارستانییەت نەکرێت لەو ناوچەیە و باس لە پێشکەوتنی زمان و ئەدەب و دۆزینەرەوەکانی تر نەکرێ . ئیسلام و رابەرانی بزووتنەوە ئیسلامییەکان و ئەوانەیشی کە مۆرکی ریفۆرم پێناسەی خۆیان ئەکەن لە ئیسلامدا بەشێوەیەکی زانستانیانە کار لەسەر ئەو میتۆدە ئەکەن ، و ناکرێ کە ئیمانیان بە داخستنی رەخنە هەیە لە موقەدەس یان ئامادە نین مێژووی نووسینەوەی دەقەکان و گێرانەوەی دەقەکان ئەنجام بدەن ،وەک زمان بۆناو کۆمەلگەو وەک رەنگدانەوەی زبان ، باس لەپێشرەفتی پێش ئیسلام بکەن ئەگەر سوودی نەبێ بۆ ئاینەکە . هەر مەسەلەیەک کە پەیوەندی هەبێ بە بەشێک لە پێشەرەفتن وە یاخود تیشکێک لە شارستانیەت وە یاخود هەر بەدیکردنێک لە زماندا کە هێزی زمان پێشان بدات و هەموو ئامرازێک کە بەکار هاتبێ بۆ ئەوەی مرۆڤ ئاستێکی بەرزی هەبووبێ لە دۆزینەوە ، یان لەوەی کە نهێنییەکانیان دۆزیوەتەوە بەرپەرچ ئەدرێتەوە لە لایەن ئیسلامییەکانەوە . یەعنی داهێنان نەبوو، قوورئان داهێنانی هێنا ، ئەخلاق و خوێنەواری و شارستانیەت ، بە دووری و نزیکیان لە بنەماکانی ئیسلام هەڵئەسەنگیرێ .

زمانی ئاینیش ئەگۆرا وەک ئەوەی کە لەسەرەتاوە وەک ئامۆژگاری و گێرانەوەی داستان و چیرۆک و هەندێ بەراوردی ژیان لە کاتە دیاریکراوەکاندا پەیوەست بوو ، بەومانایە قسەکانی رووە و زاتی ئینسان گۆرینە نەک بە دەسەلات ئەو گۆرانکارییانە بگۆرێ و بەلگەیش بۆ ئەمە ئەو ئایەتانەی مەکەیە کە لەو چوارچێوانە دەرناچێ و قسەی نییە لەسەر دەسەلات و سزای بێ ئاینەکان ، ئەم زمانە بەشداری ناکات لە گورینی کۆمەل ، بەلام هەر ئەوەندە محمد هەستی کرد کە لە کێشمەکێشەکەدا لەسەر دەسەلات و لەسەر پاراستنی بەرژەوەندی دەسەڵاتی ئیسلامی ، زمانەکە بەشداری ئەکات و کاریگەری ئەبێ ، ئیتر زمانەکە گۆرا و ئایەتەکانی مەدینە بەبەردەوامی باسی لەدەسەلات و سزای ئینسان بەدەستی ئینسان و تەنانەت لەرووی جوانی و روانبێژی و رەونەقەوە لاوازتربوو ، زۆرتر تێکەل لە ئامۆژگاری و هاندان بوو ، ئیتر زمانەکەیش بەرەو تەواوکەری ئەو پەیامە ئەچوو کە دەسەلات و مەقام گرنگترە و ئەبێ بە وێنەی زمانەوای جوان کار بکاتە سەر ئینسانەکان .

لە کۆتاییدا ئەڵێم لەبەر ئەوەی کە زمان پانتاییەکی زۆری گردبوو لەو زەمەنە و لەو ناوچەیە و شانازی و جێگەی سیاسی و ئابووری و مەعرفییەتی هەبوو و شیعریش بەشدارییەکی رۆژانەو و تێکەڵبوون بە هەموو وردەکارییەکانی ژیان بووبوو لە هەموو بووارەکاندا ، بۆیە قورئان بە زمانێکی بەهێزتر نووسراوە ، وەک رووبەرووبوونەویەک و دەرخستنی هێزی خوا لە زمانی محەمەدەوە و سەڵماندنی کە هەرچی زانیاری کە لە قورئاندا هاتووە درووستە لە باسی هەموو پێشرەفتییەکانەوە ، چونکە موعجیزەی مووسایش سحر بوو ، و سحر زاڵ بوو لەو سەردەمە نە ئەکرا مووسا باسی موعجزەی تر بکات هەروەها مەسیح باسی چاککردنی نەخۆش و چاککردنی نابینایان بوو لەبەر ئەوەی

ئەو چۆرە نەخۆشیانە بڵاوبوبووە لەو سەردەمە ، خەڵکەکە ئەوە پێوەریان بوو بۆ کەسانێک کە ئەیان وت ئێمە لەلایەن خواوە هاتووین ، ئەمەیش رێک بەسەر سەرهەڵدانی ئیسلام ئەچەسپێ ، نە ئەکرا باس لە بناسازی بکردایە وە زمان جێگەو رێگەی هەبوو ،

ببۆرە هاورێ گیان کە دوا کەوتم لەم نووسینە ، هۆکەی لە دەسەڵاتی مندا نەبوو ، لەبەر گۆرینی فۆنتەکان و کێشەی نووسین لە کۆمپیوتەرەکەم . لەگەڵ دەست گوشینم .

سەرچاوەکان
(1): مختارات مارکس انجلس ( بەشی چوارەم ) نامەیەکی ئەنجلس بۆ بورغیوس لە 25 کانونی دووەم ( جەنیوەری ) 1894.
(2): هەمان سەرچاوە نامەیەکی مارکس بۆ ئاننکوف لە 28 کانونی یەکەم ( دیسەمبەر ) 1846 .
(3): نوسینێکی ئەنیس مەنسوور لە سەر شارستانییەتی مسر لە رۆژنامەی ئەلشەرق ئەل ئەوسەت.
(4):حسەن ئەلجەنابی ( سفینة البردی ) الحوار المتمدن ژمارە 314 لە 21-11-2002.
(5) (( جاهلی ناو وناتۆرەیەکی ئیسلامییە بە گوێرەی ئایەتی 25 سورەتی ئەلفەتح ئێژێ " کاتێ کافران دەمارگری نەزانیان لە خۆ دانا " و وشەی جاهلی وەک لە ئایەتەکەدا هاتووە ناوەرۆکێکی ئەخلاقی و هەڵسوکەوتە ، مانای دژ بە زانین و مەعریفەت نییە )). لەسەر پەراوێزەکەی د. حوسێن مروە کە دەستنیشانی سەرچاوەیەک ئەکات لە نووسینی د . جواد ئەلی ( المفصل فی تاریخ العرب قبل الاسلام ) بیروت 1968 لاپەرەی 40 .
(6): د . حوسێن مروە ( النزعات المادیة فی الفلسفة العربیة الاسلامیة ) لاپەرەی 178- 179 .
(7):: د. کامل ئەلنەجار( خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانە بۆ ئیسلام ) بەشی یەکەم ( کورتە باسێکی مێژووی لەسەر سەرهەڵدانی ئاینەکان . لاپەرە 14.
(8): د. حوسێن مروە ( النزعات المادیة فی الفلسفة العربیة الاسلامیة ) لاپەرە 1919- 192.